# زانستی ئایەتی مەککی و مەدەنی

م/ شێرزاد عبدالقادر

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله ومن والاه، وبعد:

یەك لەو شتانەی كە یارمەتیدەرێكی بەهێزە بۆ تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆز بریتی‌یە لە زانینی قورئانی (مەككی) و (مەدەنی)، هەر بۆیەش هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) وە كەسانی دوای ئەوان گرنگیان داوە بەم بابەتە، ئەوەتا (عبدالله ی كوڕی مسعود) (رضي الله عنه) فەرموویەتی:

( سوێند بەو خودایەی كە جگە لەو پەرستراوی حەق نی‌یە، هیچ سورەتێك نی‌یە لە قورئان ئیللا من دەزانم لە كوێ دابەزیوە، وە هیچ ئایەتێك نی‌یە لە قورئان ئیللا من دەزانم بۆ چ مەبەستێك دابەزیوە، وە ئەگەر بزانم كەسێك هەیە لەمن شارەزاتر بە قورئان كە بەسواری وشتر پێی بگەی ئەوا من دەچووم بۆ لای)[1].

باسی ئێمە بۆ ئەم بابەتە دەی خەینە ڕوو لەڕێگای چەند خاڵێكەوە:

**یەكەم: مانای قورئانی ( مەككی) و (مەدەنی).**

زانایان چەند بۆچونێكیان هەیە لەسەر پێناسەی (مەككی) و (مەدەنی)، بەڵام لەهەمووی بەهێزتر بریتی‌یە لەمەی باسی دەكەین .

١– قورئانی (مەككی): بریتی یە لەو قورئانەی (سورەت یان ئایەت) كە جبریل – علیە سلام – دایبەزاندۆتە سەر پێغەمبەر (ﷺ) لە پێش كۆچكردنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ(مەدینە)، باداگرتنەكە لەدەرەوەی (مەككە)ش بوو بێت.

٢– قورئانی (مەدەنی): بریتی‌یە لەو قورئانەی (سورەت یان ئایەت) كە جبریل – علیە سلام – دایبەزاندۆتە سەر پێغەمبەر (ﷺ) لە پاش كۆچكردن، باداگرتنەكە لە دەرەوەی (مەدینە)ش بوو بێت.

---

(١) (رواه البخاري).

**دووەم : تایبەت مەندیەکانی قورئانی (مەککی).**

بابـەت و ناوەڕۆکـەکانی قورئـانی (مـەککی) **زۆربـەی کـات** بریتـیـیـە لـە گرنگـی دان بـەم باسانەی لای خوارەوە:

١- بانگەوازکردن بۆ یەکخوا پەرستن (توحيد العبادة) کـە هـاوەڵ بڕیـاردەران بڕوایـان پـێ نەبوو، هەروەکو خودا لەبارەیانەوە دەفەرمێت:

﴿إِنَّهُمْ كَانُوا إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوا آلِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَجْنُونٍ﴾ [الصافات: ٣٥ - ٣٦].

واتە: هاوەڵ بڕیاردەران گەر پـێ یـان بووترایـە بڵـێن: ( لا إلـه إلا الله) ئـەوا خۆیـان لـەوە بەگـەورەتر دەزانـی کـە بـەزوبان بیڵـێن، وەدەیـان ووت ئایـا ئێمـە واز لـە هـەموو پەرستراوەکانمان بێنین، بڕۆین بۆ پەرستنی تەنها یـەك پەرسـتراو لەبـەر قسـەی شـاعیرێکی شێت ( مەبەستیان پێغەمبەر بوو (ﷺ)؟.

بـێ گومـان هـۆی نـەوتنیان بـۆ (لا إلـه إلا الله) ئـەوەبوو کـە لەماناکـەی تـێ دەگەیشـتن، وەدەیان زانی بە ووتنیان بۆی پێویستە واز لە هـەموو جـۆرە پەرسـتراوێك بێـنن بـۆ غـەیری خودا.

٢- ووریاکردنـەوە لـەهاوەڵ بڕیـاردان لەپەرسـتندا، وەپووچـەڵ کردنـەوەی هـەرجۆرێك هاوەڵ بڕیاردان هەبێت، بۆ نموونە خودا دەفەرمێت: لەبارەی هاوەڵ بڕیاردەرانی سـەردەمی پێغەمبەرایـەتی: ﴿وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلَاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّهِ﴾ [يونس: ١٨].

واتە: هاوەڵ قەراردەران کەسـانێك دەپەرسـتن (بەپاڕانـەوە و قوربـانی و ...) لـە غـەیری خودا یان لەگەڵ خودا کە هیچ قازانج و زەرەری نـیـیـە بۆیـان، بـە پاسـاوی ئـەوەش دەیـان پەرستن کە دەڵێن ئەو پەرستراوانەمان لە خودا نزیکمان دەکەنەوە، وەنزامـان بـۆ لای خـودا بەرز دەکەنەوە. بەداخەوەش ئەم بۆچوونە هەڵەیە تەشەنە بووە لەناو موسڵمانانی ئـەمڕۆدا، هەربۆیە گەر پرسیارت کرد لـە موسـڵمانێك کـە هـاوار دەکاتـە غـەیری خـودا بـۆ ئـەم کـارە دەکەی؟ ئـەوا پێـت دەڵێـت: دەمـەوێ لـەخودا نزیـك ببمـەوە بـەهۆی ئـەو پیـاو چاکانەوە، وەدەمەوێ شەفاعەتم بۆ بکەن لای خودا.

٣- بانگەوازکردن بۆ باوەڕهێنان بەڕۆژی دوایی، وەباس کردنی زیندووبوونەوەی خەڵکی، پاشان لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا ... چونکە بێ باوەڕان بڕوایان بەڕۆژی دوایی نەبوو، هـەروەکو خودا دەفەرمێت:

﴿زَعَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنْ لَنْ يُبْعَثُوا قُلْ بَلَى وَرَبِّي لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ وَذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ﴾ [التغابن: ٧] .

واتـە: بـێ بـاوەڕان گومانیـان وابـوو کـە زینـدوو ناکرێنـەوە، تـۆش ئـەی پێغەمبـەری خودا(ﷺ) پێ یان بڵێ: بەڵێ سوێند بەخودا ئێوە زیندوو دەکرێنەوە، وەپاشان ئاگادار دەکرێنەوە لە هەموو ئەوانەی کردووتانە، ئەمەش لای خودا زۆر ئاسانە .

٤- هێنانەوەی بەڵگەی بینراوو عەقڵی لەسەر یەکخواپەرستی پەروەردگاریێتی (توحید الربوبیة) چونکە باوەڕبوون بەم یەکخواپەرستییە واپێویست دەکات کە خاوەنەکەی بڕوای بە یەکخواپەرستن ببێت، بۆ نموونە خودا لەبارەی بێ باوەڕان دا دەفەرمێت:

﴿أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ وَإِلَى السَّمَاءِ كَيْفَ رُفِعَتْ وَإِلَى الْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ وَإِلَى الْأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ﴾ [الغاشية: ١٧ - ٢٠ ].

واتە: بێ باوەڕان بۆ سەیری ئەم شتانە ناکەن بەچاوێکی ڕوانین و سوود وەرگرتن، کە ڕۆژانە دەی بینن، بۆ سەیری وشتر ناکەن کە چۆن گرنگ دروست کراوە؟ وە بۆ سەیری ئاسمان ناکەن کە چۆن بەرزکراوەتەوە؟ وە بۆ سەیری چیاکان ناکەن کە چۆن جێگیر کراون؟ وە بۆ سەیری زەوی ناکەن کە چۆن تەخت کراوە بۆ هاتوو چۆ؟ بێ گومان ووردبوونەوە لەمانە بەڵگەن لەسەر شایستەیی خودا بۆ بە تەنها پەرستن .

٥- هاندانی موسڵمانان لەسەر ئارام گرتن بەرامبەر ئازاری ناموسڵمانان، بۆ نموونە خودا دەفەرمێت:

﴿وَاصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ﴾ [المزمل ١٠] .

واتە: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) (موسڵمانانیش بەدوای ئەوەوە) ئارام بگرە لەسەر ووتەی بێ باوەڕان ...

٦- تێکۆشان دژی بێ باوەڕان بەقورئان، وە گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا بەباشترین ڕێگا، بەبەڵگەهێنانەوە، وە بەئامۆژگاری کردنیان بۆ هاتنە سەر ڕێگای ئیسلام. خودا دەفەرمێت:

﴿وَجَاهِدْهُمْ بِهِ جِهَادًا كَبِيرًا﴾ [الفرقان: ٥٢]. واتە: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) تێ بکۆشە دژی بێ باوەڕان بە قورئان تێکۆشانێکی هەرە گەورە .

٧- هێنانەوەی چیرۆکی نەتەوە بێ باوەڕەکانی پێشوو وەکو قەومی (نوح) و (صالح) و (شعیب) و...هتد . مەبەست لەمەش ئەوەیە موسڵمانان پەند وەربگرن لەچاکەکارانی ئەو سەردەمانە، وەبێ باوەڕان ووریابن لەوەی کە هەمان سزای ئەو بێ باوەڕانە بەسەریان بێت.

کەوابوو بەکورتی دەڵێی : قورئانی (مەککی) بریتییە لەباس کردنی بیروباوەڕ و یەکخواپەرستی، وهاندانی موسڵمانان بۆ دەست گرتن پێوەی وبانگەوازکردن بۆی، وەهاندان لەسەر دەست گرتن بەئارامی...

**سێ یەم: تایبەتمەندییەکانی قورئانی (مەدەنی):**

بابەت و ناوەڕۆکی قورئانی (مەدەنی) زۆر کات بریتییە لەگرنگی دان بەم بابەتانەی خوارەوە:

١- بانگەوازکردنی موسڵمانان بۆ تێکۆشان و خۆبەخشین لەپێناو خودا (الجهاد في سبيل الله)، چونکە موسڵمانان لەکاتێکدا کۆچیان کرد لە (مەککە) وە بۆ (مەدینە) دەوڵەتی ئیسلامیان پێکهێنا، هەر بۆیەش پێویستیان بە بەرگری هەبوو لە ئاین و دەوڵەتی خۆیان، هەر بۆیەش لە قورئانی (مەدەنی) دەبینین هاندان هەیە بۆ تێکۆشان و جەنگ لەبەر خودا، هەروەکو خودا دەفەرمێت:

﴿إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ [التوبة: ١١١ ].

واتە: بەڕاستی خوای گەورە نەفس وماڵی ئیماندارانی کڕیوە بەرامبەر ئەوەی کە بەهەشتیان بۆ هەیە، ئەمەش بەوەی ئیمانداران جەنگ دەکەن لەپێناوی خوادا.

٢- باس کردن و ڕوون کردنەوەی حوکمەکانی ئیسلام وەکو باس کردنی سوو خواردن (الربا) کە خوای گەورە بڕیاری ئاشکرا کردنی جەنگی کردووە دژی ئەنجامدەری، هەروەکو دەفەرمێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ﴾ [ البقرة ٢٧٨-٢٧٩] .

واتە: ئەی ئیمانداران تەقوای خوا بکەن، وە وازبهێنن لەوەی ماوەتەوە لە بەردەستتان لە سوو(ربا) گەرخۆتان بە ئیماندار دەزانن، جا ئەگەر واز نەهێنن ئەوا ئاگاداربنەوە بە جەنگێك لەلایەن خواو پێغەمبەرەوە(ﷺ) دژتان ...

٣- دانانی سزای دیاری کراو، واتە: (الحدود)، وەکو دانانی حەدی زیناو دزی وغەیری ئەمانە، بۆنمونە: خودا دەفەرمێت:

﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا﴾ [المائدة: ٣٨].

واتە: دز جا چ پیاو بێت یان ئافرەت ئەوا پێویستە دەستیان ببڕن .

٤- ئاشکرا کردنی خورەوشتە خراپەکانی دوو ڕوەکان، لەبەر ئەوەی لە قۆناغی (مەدینە) وە لەدوای جەنگی بەدردا دووڕوویی دەرکەوت، بۆ نموونە خودا دەفەرمێت:

﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَقُولُ آمَنَّا بِاللَّهِ وَبِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَمَا هُمْ بِمُؤْمِنِينَ﴾ [البقرة: ٨ ] .

واتە: هەندێك لەخەڵكی هەیە (واتە دووڕووەکان ) دەڵێن بڕوامان هێناوە بەخواو ڕۆژی دوایی، بەڵام لەڕاستیدا ئەوان ئیماندار نین.

٥- کپ کردنی دەمی خاوەن کتێبەکان (أهل الكتاب) لە جوولەکەو غەیری ئەوان، وەگفتوگۆکردن لەگەڵیاندا، بۆ ئەوەی قسەیان نەمێنێ . هەروەکو خودا دەفەرمێت:

﴿وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ﴾[العنكبوت: ٤٦] واتە: گفتۆگۆ مەکەن لەگەڵ گاور و جولەکە بەباشترین شێواز نەبێت، بەزانیاری و ڕەوشتی جوان

و نەرمی ووتە و بانگەشە کردن بۆ چاکە .. بەڵام ئەوانەی کە مەبەستیان حەق نییە لەوان، بەڵکو تەنها دەیەوێ خۆی بیباتەوە ئەوا گفتۆگۆکردن سوودی نییە لەگەڵیدا.

٦- باسکردنی سەرکەوتنی موسڵمانان لەجەنگەکانیاندا، خودا دەفەرمێت: ﴿وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنْتُمْ أَذِلَّةٌ﴾ [ال عمران: ١٢٣] .

واتە: بەڕاستی خودا ئێوەی موسڵمانانی سەرخست لە غەزای بەدردا لەکاتێکدا ئێوە کەم و زەلیل بوون لەژمارەو چەکدا.

**چوارەم: سوودی زانینمان بە (مەککی) و (مەدەنی) .**

١-سوود وەرگرتن لێی لەڕاڤەکردنی قورئان، چونکە زانینی شوێنی دابەزینی قورئان (سوورەت یان ئایەت) یارمەتیدەرێکی باشە بۆ تێگەیشتنی قورئان تێگەیشتنێکی ڕاست و دروست، ڕاڤەکاری قورئان دەتوانێت - لەڕوانگەی ئەم زانستە - جیاکردنەوە بکات لەنێوان (ناسخ ) و (منسوخ) لەکاتی پێویستیدا بۆی، چونکە ئایەتی دواتر - لەدابەزین- نەسخی ئایەتی پێشتر دەکات بەچەند مەرجێك کەلەجێی خۆی باسکراوە .

٢-سوود بینین لەشێوازو بابەتە جۆراوجۆرەکانی بۆ چۆنێتی بانگەوازکردن بۆ ڕێگای خودا، چونکە هەموو شوێنێك قسەی تایبەتی خۆی هەیە، بەتێڕوانینمان لە شێواز و ناوەڕۆکی (مەککی) و (مەدەنی)، وە بەڕەچاوکردنی حاڵی خەڵکی دەوروپشت ئەوا ڕێبازێکی ڕوونمان بۆ دەردەکەوێت لەچۆنێتی قسەکردن و بانگەواز، بەجۆرێك کە گونجاو بێت لەگەڵ دەروونی بەرامبەرەکە(٢) .

٣-بەئاگابوون لەڕووداوەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (ﷺ) لەڕێگای ئایەتەکانی قورئانەوە.

**پێنجەم: کەی کاردەکەین بەقورئانی (مەککی) و (مەدەنی)؟**

پێشەوا (إبن تیمیە) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بۆچوونی وایە کە قورئانی (مەککی) کە بەنگەواز دەکات بۆ ئارام گرتن لەسەر ئازاری بێ باوەڕان، وەجەنگ نەکردن دژ بێ باوەڕان لەکاتێکدا کاری پێ دەکرێ کە موسڵمانان لەحاڵەتی لاوازیدان، بەڵام قورئانی (مەدەنی) کە

---

(٢) کەوابوو خوای گەورە بەشەرعی پاکی خۆی بێ پێویستمانی کردووە لەوەی کە ناوەڕۆك و ڕێگای غەیرە شەرعی بەکاربهێنین بۆ قسەکردن لەگەڵ بەرامبەردا، وەکو ئەو نەخۆشیە بڵاوەی کە ئەمڕۆ دەیبینین کە زۆر لە موسڵمانە خوێندەوارەکان کە خۆیان بە (ڕۆشنبیر) دەژمێرن پەنا دەبەنە بەر کتێبی (فەلسەفە) یان (منطـق) یان (دەروون ناسی ئەوروپی) کە گوایە بۆ ئەوەی فێری بەڵگەو موناقەشەو شێوازی گفتوگۆببن، بەڵام دەبینین لەئەنجامدا زۆر لەوانە دووردەکەونەوە لەقورئان و فەرموودە، وە دووردەکەونەوە لەپەیوەست بوون بەڕەوشتی موسڵمانان، وەئەگەری ئەوەی هەیە کە چەندەها گومان و شوبهەو بۆچوونی هەڵەیان بۆ دروست بێت، ئەمەش تەنها ئاماژەیەکی خێرایە، باسەکە زۆری دەوێ.

بانگەواز دەکات بۆ جەنگ کردن و بەکارهێنانی هێز جێبەجێ دەکرێ لەکاتی تواناو بەهێزی موسڵمانان، هەروەکو لەکتێبی (الصارم المسلول) دا دەفەرمێت: ... ئەو ئایەتانە (ئایەتی مەککی) لەبارەی کەسێکەوەیە کە ئیمانداریکی لاوازە، کە ناتوانێت پشتگیری ئایین بکات بەهێز وبەدەست و زوبان، ئەوا ئەوەندە پشتگیری ئایین دەکات کە لەتوانایەتی بەدڵی یان بەوەی کە پێی دەکرێ، وە ئایەتی زەلیل کردنی پەیمان لەگەڵ کراوەکان (ايات الصغار على المعاهـــدين) (مەبەستی ئایەتی بەکارهێنانی توانا، ئایەتی جەنگ کردن) لەبارەی هەر ئیمانداریکەوە کە بەهێزە، وە دەتوانێت پشتگیری ئاین بکات بەدەست یان بەزوبان، وەبەم ئایەتانەش موسڵمانان کاریان دەکرد لەکۆتایی تەمەنی پێغەمبەر (ﷺ) وەلەسەردەمی خەلیفە ڕاشدێکان، هەر بەم شێوەیەش دەبێت تاوەکو ڕۆژی دوایی بەردەوام کۆمەڵێك هەیە لەموسڵمانان کە دەست گرتوون بەحەقەوە، وەهەردەم پشتگیری ئایین دەکەن بەو پەڕی پشتگیرییەوە، **جاهەرکەسێك لەئیمانداران لەخاکێکدا بوو کە تێیدا لاوازبوو، یان لەکاتێکدا بوو کە تێیدا لاوازە ئەوا باکاربکات بەئایەتی ئارام گرتن و لێ بوردن بەرامبەر بێ باوەڕان، بەڵام موسڵمانانی خاوەن توانا و دەسەلأت ئەوا کاردەکەن بە ئایەتی جەنگ کردن دژی هەڵگرانی بێ باوەڕی کە تانە دەدەن لە ئایین، وەهەروەها کاردەکەن بەئایەتی جەنگ کردن دژی خاوەن کتێبەکان (أهل الكتاب) تاوەکو سەرانە (جیزیە) دەدەن بەوپەڕی زەلیلی).**

بێ گومان لەم قسەیەی (إبن تيميه) زۆرشت دەردەکەوێ کە موسڵمان پێویستە جوان لێی ووردبێتەوە بۆ ئەوەی بەتەواوی ڕێبازی بانگەواز و ڕووکردنی خەڵکی بۆ ئیسلام – چ پێشەوا وە چ خەڵکی تر – چۆن دەبێت بۆی دەرکەوێ.

والحمد لله رب العالمين

وەرگێڕانی لە (كيف نفهم القرآن) بەهەندێك دەستکاریەوە .

WWW.BA8.ORG